# ناسینەوەی ( قادر )
# لە هۆنراوەکانی ( کوردی ) دا
## باسێکی پراکتیکی و شیکارییە

**د.سلام فرج کریم/ زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زمان/ بەشی کوردی**

**پێشەکی**

جیهانی کلاسیزم هێندە فراوانە کە پانتاییەکی زۆر بەرینی لە مێژووی ئەدەبیاتی گشت گەلانی ئەم جیهانەدا پێدەبڕێت و ئەدەبی کوردیش هەمان شتی بەباڵا بڕراوە، لە پای مەزنێتی ئەو ئەدەبەدا دەبێت بە بەردی بناغەی هەر هەوڵێك کە لە پێناوی ڕەسەنایەتیی ئەدەبەکەماندا بدرێت بۆ پاراستن و بەرەو پێش بردنی، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ئێمە ئاوێتەی قوتابخانەی شیعریی "بابان یا سلێمانی یا نالی" بووین وەك ڕاستییەکی بەڵگە نەویست لەگەڵ ئەو مامۆستایانەدا یەکدگیر دەبم کە ئەم ئەدەبە بەرامبەر ئەدەبیاتی کلاسیزمی نوێی جیهان ڕادەگرن، ئەو شەپۆلە ئەدەبییە لەم قۆناغەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆماردەکەین.

لەم قۆناغەیشدا سێ شاعیری تواناو هونەرمەند ناویان دیارو بەرهەمیان لەبەرچاوە کە (نالی و سالم و کوردی)ن هەرچەند گەلێ کارو چالاکی زانستی ئەنجامدراون بەتایبەتیی لە بواری (نالی) ناسیدا بەڵام هێشتا کاری زۆر زیاترمان پێویستە بۆ ناسین و نرخاندن و هەڵسەنگاندنی ژیان و بەرهەمی ئەو داهێنەرانە، هەر بۆیە ئێمەیش ئەم باسەمان وەك ئەرکێك تەرخانکردووە بۆ دیاریکردنی لایەنێکی گرنگ و دیاریکردنی هێڵێکی ناجێگیر لە ژیان و بەرهەمی مستەفا بەگی کوردیدا ئەویش ناسینەوەی (قادر)ە کە لەگەلێ شیعردا ڕاستوخۆ ناوی هێنراوە یان ناڕاستەوخۆ هێمای بۆکراوە.

بەمەبەستی چڕکردنەوەو کورتبڕی باسەکەمان دابەشکردووەتە سەر دوو تەوەری سەرەکی و ئەنجامێك، لە تەوەری یەکەمدا کورتەیەکی ژیانی (مستەفا بەگی کوردی)مان پێشکەشکردووەو لە تەوەری دووەمیشدا وەك بەشێکی پراکتیکی سەرنجی هۆنراوەکانی (کوردی)مان داوەو هەوڵمانداوە ئەو هۆتراوانە شی بکەینەوە کە ناوی (قادر)یان تێداهاتووە یا پەیوەندییان بەو (ناوە)وە هەیە بەو هیوایەی (قادر) و بوونیادی ڕاستەقینەی ئەو (ناو)ە دیاریبکەین و (قادر) بناسێنین و دەری بخەین (کوردی) مەبەستی لەو (قادر)ە کێیە.

**سنووری باسەکە:**

**وەك لە ناونیشانەکەوە ئاماژەی پێکراوە ئەم باسە لە سنووری هۆنراوەکانی (مستەفا بەگی کوردی)دا ئەنجام دەدرێتو لە هۆنراوەکاندا لەگەڵ (قادر) ئاوێتەی کاری دەبین بەنیازی ناساندنی ئەو (قادر)ە ..هەر بەو نیازەیش بەدەم شیکردنەوەو ناوتوێی هۆنراوەکان رووی پرسیارو نیازی زانیاری پەیداکردن بردوومیانەتە خزمەت چەند مامۆستاو زانای ئەم بوارە و سودیشمان لە زانیاریی و رێنماییەکانیان ورگرتووە بەڵام لە سنووری شیعرەکانی (مستەفا بەگ) نەترازاوین مەگەر بۆ روونکردنەوەی زیاتر.**

**چی لەم بارەیەوە نووسراوە؟**

**تائێستا شتێکی وەهام دەست نەکەوتووە کە تینوێتی زانستیمی ئاودێرکردبێت! هەرچەندە هەوڵو کۆششی (کوردیو مەریوانیو مامۆستا عەلادین سەجادیو گیویی موکریانیو کاك حسەین نێرگزەجاڕیو سەباحی غالبو کوردستانی موکریانیو د.مارف خەزنەدار) چەند کەسێکی تریش نابێ فەرامۆش بکرێنو سەرجەم ستایش بکرێن، لێرەداو لەبەر کەمی ماوەیش بە پێویستی نازانم بەو نووسراوانەدا بچمەوە کە دەربارەی کوردی نووسراون لەبەرئەوە لە داهاتوودا لە درێژەی کارکردنندا هەوڵ ئەدەین هەقی تەواوی گشت ئەو نووسینانەیش بدەین.**

**تەوەری یەکەم**

**کوردی کێیە؟**

**شاسواری بەلاغەتی کوردان**
**یەکەتازی فەصاحەتی بابان**
**مستەفایە تەخەلوسی کوردی**
**غەزەلی کردە بەربوتی کوردی**[1]

**ئەم شاسوارەمان ناوی مستەفایەو کوڕی مەحمود بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕانە، لە بنەماڵەی قەرە جەهەنەمییەو ئامۆزای ئەورەحمان بەگی ساحێبقڕانی شاعیرە کە بە (سالم) ناسراوە، "لەوکاتەدا لەمێژنەبوو هەندێ لە ئەندامانی بنەماڵەی قەرەجەهەنەم لە کوردستانی ئێرانەوە هاتبوونە (تازە پایتەختی میرنشینی بابان) شاری سلێمانی".**[2]

**مێژووی لەدایکبوونو وەفاتکردنی مقۆمقۆو گومانی لەسەرە، هەندێك دەڵێن ساڵی "١٨٠٩" لەدایکبووە وەك گیویی موکریانی**[3] **و عەلادین سجادی**[4]**، وە کوردیو مەریوانی**[5]**و سدیق بۆرەکەییش (صفی زادە)**[6] **هەر هەمان بۆچوونیان هەیە بەڵام د.مارف خەزنەدار ساڵی ١٨١٢**[7] **بە ساڵی هاتنە دنیای مستەفا بەگ دادەنێ د.کەمال فوئادیش هەر ساڵی ١٨١٢**[8] **وە (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)یش هەر هەمان مێژوو دیاری دەکات**[9]**... لە ڕاستیدا هەندێك بۆچوونی جیاجیایش لەبارەی کۆچی دوایی (کوردی)یەوە تۆمارکراوە ئێمە لەسەر هیچ کام لەو سەرچاوانە هەڵوێستە ناکەین چونکە هۆنراوەکانیو ئاستی بەزەیی هونەرەکەیو ئەزموونی شاعیرێتیو بڕی**

بەرهەمەکان‌و ئەو هونەرمەندی‌و لێهاتووییە هونەرییەی کوردی‌و ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گشتیان ئەوە دەردەخەن کە "کوردی" تەمەنێکی باشی بەسەربردبێت کە لە (٤٠ یا ٥٠) ساڵ ژیابێت بۆیە هەر پێویست ناکات کە لەسەر ئەو مێژووە کە ١٨٥٠م قسەبکەین ئێمە وای بۆدەچین کە (٧٠) ساڵ زیاتر ژیابێت، ئەمەیش دەبێت کاری بۆ بکرێت‌و بە بەڵگەی زانستییەوە ئاستی ڕاستیی دەربخرێت. ئێمە لە داهاتوودا خۆمان بۆ ئەو لایەنە تەرخان دەکەین چونکە هەندێ زانیاریی سەرەتاییمان دەست کەوتووە کە یاریدەی ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی ئەو بوارە دەدات، ئەم باسەیشمان تەرخانە بۆ لایەنێکی تری جیهانی کوردی بۆیە لێرەدا درێژەی نادەینێ.

کوردی‌و قسەڵۆك

مەبەست لە قسەڵۆك ئەو گوتارو بڕیاردان‌و خەملاندنانەیە کە سەرپێی‌و بێ بنەماو پشتیوانیی پسپۆڕانەی زانستیانە دەوترێن‌و بڵاودەبنەوەو کەسانێکی زۆریش باوەڕی پێدەکەن‌و سەردەمانێك کاری پێدەکەن کەچی لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکی نییەو هەر قسەو قسەڵۆکەو بە (ئەڵێن یا گوتویانە) سەبارەت بە (کوردی)یش لەو قسەڵۆکانە زۆرن هەندێکیان بێ زەرەر وە بێ زیانن هەرچەند هەڵەیش بێت وەك ئەو بۆچوونەی (صدیق بۆرەکەیی) کە دەڵێت: "چەند ساڵ‌و دەمێ مەلایەتی وەرگرتووە"[10] ئەم بۆچوونە زیانی نییە! بەڵام کوردی (مەلا) نەبووە، هیچ سەرچاوەیەك‌و هیچ شیعرێکی خۆیشی ئەوەیان دەرنەخستووە کە مستەفا بەگ (مەلا) بووبێت..! هەروەها مامۆستا عەلادین سجادی دەڵێت: "لە تاران ناونیشانی خۆی ئەکا بەم نیوە شیعرە "ئەحمەدە جدو پدر محمودو نامم مستەفا ئەست" وە ئەیخاتە سەر ئەنگوستیلەکەی بە مۆر..."[11] جا نازانین مامۆستا ئەو زانیارییەی لە کوێ هێنا بەڵگە چییە کە لە تاران دروستی کردووە وە کردویەتی بە ئەنگوستیلە؟! لە ڕاستیدا ئەم جۆرە کارە واتە (مۆر) یا نیشان هەبووەو گەورەپیاوان‌و کاربەدەستان‌و زانایان شتی وایان کردووە دەشێ لەگەڵ ئەو زانیاریەدا بین بەڵام سەرچاوەی باوەڕپێکراو گرنگە، مەخابن ئەمە بەسەر مامۆستا سجادیدا تێپەڕیوە کە زۆربەی ئەو کەسانەی کاری وایان کردووە شیعرەکەیان وا هۆنیوەتەوە کە مێژوویەك تۆماربکات.. بەزۆریش مێژووی لەدایکبوونی خاوەنەکەیەتی جا ئێمەیش گەر نووسینەکە بە ڕێنووسی فارسی بنووسین ڕاستەکەی دەبێت بە (أحمد أست جدو پدر محمود نامم مصطفی)یەو بەپێی ئەبجەد ئەو نووسینە ئاوا دەبێت:

احمد است = ٥١٤ + جدو = ١٣ + پدر = ٢٠٦ + محمود = ١٠٤ + نامم = ١٣١ + مصطفی = ٢٢٩

کۆی گشتی دەکاتە ١١٩٧ ئەمەیش ساڵی کۆچی‌و دەکاتە ساڵی ١٧٨٢م و بەوپێیە دەبێت ئەوە ساڵی لەدایکبوونی (مستەفا بەگ بێت) بەلامەوە سەیرە چۆن سجادی ئەوەی ساغنەکردۆتەوە.. شتی تریش هەن لەو جۆرانە وەك ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بە (قالە) و (قائانی) و ئەو شتانەوە هەیە کە لە درێژەی ئەم باسەدا لێیان دەدوێین.

**تەوەری دووهەم**

**کوردیو قالە**

ئەمە تەوەری سەرەکیی باسەکەمانە، تا بڵێی لایەنێکی گرنگو پەیوەندیدارە بە کوردیو بیرو فەلسەفەو چۆنیەتیی بەسەربردنی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەیش کە جێی سەرنجە ئەو بۆچوونەیە کە لە چاپکراوەکاندا چەسپ بووەو تا ڕادەیەکی زۆریش بووە بە باو کە گوایە (کوردی) سەوداسەری کوڕێکی زۆر جوانو دڵگیر بووە کە ناوی (قادر) بووە!! ئەم عەشقە ئەفسوناوییە گەیشتۆتە ڕادەیەك کە تەنگ بە (قادر) هەڵچنێتو ناچاری بکات لە دەست (کوردی) ڕابکاتو سەرهەڵگرێت بۆ شاری سنە، جا وەك (گیوی موکریانی) دەڵێت: "کوردی ئاگری جگەر هەڵیگرتو دوایکەوتو پێش کاروانەکە گەیشتە سنە"[١٢]... کوردی لە شاری سنە سۆراغی کاروانەکە دەکات! پێی دەڵێن کە هێشتا کاروانەکە نەگەیشتۆتە سنە، ئیتر کوردی گەزوەتەوەو چووە بەپیر کاروانەکەوە ساتێ کە لێك نزیك دەبێتەوەو گوێی لە زەنگی کاروانەکە دەبێت لە خۆشیدا دێتە جۆشو هۆنراوە بەناوبانگەکەی (صدای کاروانی فیرقەت دێ دەڵێن سەرقافڵەچی یارە)ی وتووە جارێ با لێرەدا هەڵوێستەیەك بکەینو چەند پرسیارێك لە خۆمانو ئەوانەیش بکەین کە ئەم بەسەرهاتەیان گێڕاوەتەوەو تۆماریانکردووە:

١- ئایا (کوردی) چۆنو بە چ هۆیەکی گواستنەوە خۆی گەیاندە سنەو پێش کاروان کەوت؟ هەر وڵاخ نەبووە؟

٢- ئەگەر ڕێگەی کاروانەکەی زانیوەو لە سنەوە بەرەوپیری گەڕاوەتەوە! ئەی بۆ هەر لە سلێمانییەوە بەهەمان ڕێگەدا نەڕۆیوە تا لە ڕێگا پێیان بگات؟

٣- خۆ ئەگەر خەڵکی سلێمانی توانیبێتیان بزانن کە کاروانەکە لە کام ڕێگەوە دەڕوات بۆ شاری (سنە) ئەوا خەڵکی سنە پێش گەیشتنی کاروانێك نازانن لە چ ڕێگەیەکەوە خۆی دەکات بە شارەکەیاندا ئیتر چۆن لە سنەوە ڕێنمایی کرا بەرەوپیری کاروانەکە بڕوات.

٤- باشە کوردی کە زانیی قادر لەگەڵ ئەو کاروانەدا دەڕوات بۆ هەر زوو خۆی نەکرد بە کاروانەکەداو هەر لەگەڵ ئەوان ملی ڕێ بگرێت و (قالە)یشی لێ ون نابێت.

٥- ئەگەر پاش ماوەیەکی دوورو درێژیش بە ڕۆیشتنی (قالە)ی زانیبێتو پاشان دوایان کەوتبێ ئەی چۆن پێش ئەوان گەیشتە مەنزڵ؟

٦- باشە چ هێمایەك لە هۆنراوەکەدا هەیەو بەیەك گەیشتن دەردەخات؟ بێگومان هیچ... تەواوی هۆنراوەکە (١٠) بەیتە گشتی لە (فیراق) و لێکدابڕانو بەجێهێشتن دەدوێ.

گەر بەوردیو زانستیانە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم بەسەرهاتە لە ڕاستی دوورەو هەڵبەستراوە. ئەمە لەلایەك. لەلایەکی ترەوە بەسەرهاتەکە هەر بە (ئەڵێن) سەپێنراوەو ئیتر هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نەکراوەتە پاڵپشتیو هەر (ئەڵێن)ە ئاخر کێن ئەوانەی کە (ئەڵێن)؟ لەکوێ وتوویانە؟ کێ ئاگای لەو (ئەڵێن)ە بووە..؟ ئەی کێ لەگەڵ (کوردی)دا بووەو لە سلێمانی لەگەڵی کەوتۆتە ڕێو لە سنەوە لەگەڵی گەڕاوەتەوە بەرەوڕووی کاروانەکە چووە؟! ئاگای لەو بەسەرهاتە بووە؟... تائێستا هەر (ئەڵێن)ەو هیچی تر!.

بەسەرهاتێکی هەڵبەستراوی تر کە هەر بۆئەوە بووە کە ئەو سەوداسەرییەی (کوردی) بلکێنیّ و بەزۆر بەسەرهاتە هەڵبەستراوەکەی سەر هەڵگرتنەکەی (قالە) بچەسپێنیّ رووداوی شەڕەشیعرەکەی نێوان کوردیّو شاعیری فارس (قائانی)یە، کە گوایە لەو ساتی شەڕە شیعرەدا کوردی وێنەی (قالە) لەناو ئاوی حەوزەکەی بەردەمیدا دەبینیّ، واتە قالە لەپشتیەوە ڕاوەستاوە ئیتر (کوردی) لەخۆشیاندا زمانی شیعریی دەپژێت، بەڵام قائانی هەست بەوە دەکاتو ئاوەکە دەشڵەقێنیّ و وێنەکە دەشێوێنیّ (کوردی)یش بەمە تورە دەبیّ و دەکێشیّ بە تەپڵەسەرە کەچەڵەکەی (قائانی)دا، جا دەبیّ بپرسین ئەگەر قالە لە سلێمانی لە دەست کوردی هەڵهاتبێت ئەی لە سنە بۆ لەپشت سەرییەوەو لە کۆشکی شای عەجەم لەگەڵیدایە! باشە ئەوا کوردی بە شۆرەتی خۆیو بنەماڵەو شاعیرێتی خۆی گەیاندە دەرباری شاهانەو بووە بە شاعیری دەرباری شا ئەی (قالە) چی؟ ئەو لەویّ چی ئەکات؟..؟ مەگەر ئەو شوێن کوردی کەوتبێت..!. خۆ ئەگەر شیکارێکی سایکۆلۆجیانەیش بۆ رووداوەکە بکەین ئەوا هەر تەواو وەهمیەتی بوونی "قالە"کەی مامۆستا گیوی وە چاپکراوەکانی تریش دەچەسپێت.

کوردیو عەشق

پێش ئەوەی بەناو دەقە شیعرییەکاندا شۆڕببینەوەو تەنها (کوردیو قالە) بخەینە بازنەی شیکارییەوە با تێڕوانینێکی گشتی ئاستی عەشقو ئەوینی ئەو زاتە وێنابکەین تا بتوانن بە ئاسانی وەڵامی گشت چۆنو بۆچییەکان بدەینەوە.. هەر لە سەرەتایشەوە با گویّ لە پاکانەی خۆی بگرین کە دەڵێت:

مولتەجی نابم بە کەس کوردی لە دنیاو ئاخیرەت
رۆژی دیوانی خودا دەستی منو دامانی عەشق [١٣]

لەم رووەوە شاعیری گەورەمان (مەحوی) دەفەرموێت:

دیارم دەبری عەشقە جیّ بە سوتن بیّ ویّ دەگرم
کە من شتیّ چڵو چێو بم بە چی بم کەڵکی کیّ دەگرم [١٤]

جا بۆئەوەی درێژدادڕی نەبێت بۆ روونکردنەوەی ئەو عیشقە سۆفیانەیە دەچینەوە دەربانی قورئانی پیرۆزو سورەتی (آل عمران) کە دەفەرموێت: "قل إن كُنتُم تُحبِوّنَ الله فأتبعوني يُحببكُم الله" واتە پەیڕەوکردنی پێغەمبەر (د.خ) بەڵگەی خۆشویستنی خودایە، هەروەها لە سورەتی (البقرة)دا دەفەرموێت: "يُحبّونَهُمْ كحُب الله والذين آمنوا أشدُّ حُباً لله".

پێغەمبەریش (د.خ) دەفەرموێت: "المرءُ مَعَ مَنْ أحَبّ"[١٥] واتە مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسەدا دەبێت کە خۆشی دەویّ.

جا ئەم سەرەتا راستەوخۆیەم بۆ ئەوەبوو کە بڵێم هەر کاتیّ توانیمان ئاشنای جیهانی بیرو ئیمانی (کوردی) ببین ئەوا تەواو (قادر) دەناسینو ئەزانین کێیە، بەڵام با هەر لە سەرەتاوە ئەوە ئاشکرا بێت کە من کوردیم لە جیهانی ئەو عیشقو سەوداسەرییەدا ناسیوەتەوە کە سۆفییە پایەدارەکان

تێیدا کەوتوونەتە جەزبەی (وقوفی قەلبی)و چاودێریی زیکری دڵی خۆیانن‌و توشی (شطحات) بوون وەك (حلاج و يحيى بن حبش السهروردی) کە ئەمیان دەڵێت (أنا الحق) و ئەویان دەڵێت جبەکەم هیچی تری لەژێردا نییە "الله" نەبێت.

کوردیش دەڵێت:

مەکەن مەنعم کە سەرگەردان‌و وێڵم
بەدەست عیشقە زەمامی ئیختیارم
لەگەڵ عیشقت وەها یارو ئەنیسم
لە تۆش حەتتا بە کوللی بەر کەنارم
وەکو مەنصور ئەگەر بشم سوتێنن
انا القادر دەڵێ گەردوو غوبارم (١٦)

ئایا تەنها ئەم سێ بەیتە بەتەواوی (قادر)ەکەی کوردیمان پێ ناناسێنێ؟ بێگومان هێشتا ماومانەو تەنها مەبەستمان روونکردنەوەی عشقی کوردی‌و خۆچواندنەکەیەتی بە (مەنصوری حەلاج)و (أنا القادر)یش هەر (شطحة)یەکی سۆفیانەی روون‌و ئاشکرایە، ئەوەیش رووندەکاتەوە کە کوردی عاشقە (رۆژی دیوانی خودا) دەست‌و دامێنی عیشقەکەیەتی.. هەرچەندە ئەو تۆزەی کە وتمان بایی ئەوە دەبێت کە کوردی وەك خۆی بناسین، بەڵام کوردی ئاسا نەك منیش وەك ئەو (بەدطالع) بم. چونکە خۆی باش بۆ مەسەلەکە چووە کە دەڵێ:

گەوهەرت کوردی وەکو خەر موهرەیە
چونکە خۆت بەدطالعی بەدئەختەری(١٧)

دیارە هەر ئەو بەدطالعیە وای کردووە کە گەوهەری کوردی بە خەرموهرە (موروووەکەرانە) بناسرێت. ئەوەتا لە کۆتایی هۆنراوە بە پێزەکەی

ئەمان مردم عیلاجێ سا لە رێی پێغەمبەرا چارێ
ویصال یا قەتڵ یا تەسکین لە هەر سێ بۆم بکەن کارێ(١٨)
......
دوورو یاقوت دەبارێ لەم کەلامە شیرینەی کوردی
خواسا کووا لە دونیادا قەدرزانێ خەربدارێ(١٩)

دیارە ئەم بێ قەدرییەی توشی کوردی بووە تائێستا هەر ئاسەواری ماوە دەنا دەبوو ئەو قسەیەی خۆی بهاتایەتەدی کە دەڵێت:

ئەگەر طالع ببێ "کوردی" سزایە
بە حۆققە دوڕوو گەوهەر کەن نیثارم(٢٠)

زۆر راستی وتووە مەسەلەکە (طالع)ە ئەگینا خۆی زۆر بە ئاشکراو ڕاشکاوی گەوهەری خۆی ناساندووە کەچی هەر بەزۆر خەڵکی دەڵێن ئەو نیت.

دەفەرموو گوێی بۆ ڕادێرن:

کوللی عالەم وابوون سەرگەشتەو حەیرانی عیشق

هیچ کەس نازانێ ئەحوالی سەرو سامانی عیشق

حافظ و سەعدیو نیظامی و قەیسو جامیو دەهلەوی

فیض خواهو معرفت جۆبوون لە شاگردانی عشق

شمسو مەولاناو منصور کەی بە سڕ محرم دەبوون

تانەیانخواردایە ڕێزە نانی سفرەی خوانی عشق

زاهیدا خوێندووتە تەفسیری (لکل وجهة)

قەدمەدە طەعنە لە مەستیو بێخودی ڕەندانی عیشق

ملتجی نابم بە کەس کوردی لە دنیاو ئاخیرەت

ڕۆژی دیوانی خوا دەستی منو دامانی عیشق[٢١]

بەڵێ ناوهێنانی ئەو هەموو زاهیدو سۆفیانە مەبەستی ئەوەیە کە عیشقەکەی خۆی ئاشکرا بکاتو بڵێ منیش سەودای عیشقی یەزدانیم، ئەیشزانێ کە هێشتا لەپاڵ دینو نەریتو ڕەوشتدا سەرزەنشتی دەکەنو پەی بە عیشقەکەی نابەن بۆیە قورئانی پیرۆز دێنێتە بەینەوەو دەڵێ (زاهیدا خوێندوتە تەفسیری "لکل وجهة هو یولیها" (البقرة) لە تەفسیرەوە تێبگەو (قەدمەدە طەعنە لە مەستیو بێخودی ڕەندانی عیشق) منەتیش لە کەس نازانێو ملتجی نابێ بە کەسو ڕۆژی قیامەت دەستو دامانی عیشق دەبێت. دیسان بۆ دڵنیایی لە عیشقە یەزدانییەکەی دەڵێت:

ئەی دووری تاجی سەری شاهانی ئیقلیمی جیهان

شەمسی ئەفلاکی کەماڵو شەمعی بەزمی عارفان

ئەی بە نادیدە بە شوهرەت سەد وەکو من عاشقت

وەی لە تاوی فیرقەتت عالەم هەموو ڕەنجیدەجان[٢٢]

سەرنج: سەدی وەکو ئەو بەبێ بینین عاشقی

بوون، کێیە کە نادیدەیەو نابینرێ

لە ئەنجامدا ڕوونیدەکاتەوە کە ئەوەی هاتۆتە ڕێی وە بووەتە مایەی لۆمەو چەرمەسەری ئەو عیشقەیەو ئەویش بەدەست خۆی نییە، بۆیە پاکانە دەکاتو دەڵێت:

ئەوەی رووی داوە لە من کاری دڵی بەدبەختە

وا منی کردووە بۆ تیری مەلامەت بە نیشان

سا لە وەختێکی بووە ئێستا بە مەحکومی کەسێ

فارغ الباطلە لە طعنەی منو لۆمەی دیگەران

گەر بە دەستم کەوێ شەرط بێ لەپێش چاوی تۆ

جارسو مفتضحی کەم وەکو کوردی لە جیهان[٢٣]

پاش ئەوەی کە بەم پاکانانەیش هەر ناگاتە ئاکامو دژوارییەکەی نێوان ئەمو خەڵکەکە چڕەبێتەوەو ئیتر تەنگی پێ هەڵدەچنرێت، بەتایبەتی پاش خاپووربوونی میرنشینی بابان ئەمیش ڕوودەکاتە لای خزمانی سنەو پاشان بەرەو تارانیش چووە بە ئەزیزانیشی دەڵێت:

**تکای کوردی وەهایە جارجار**

**بکەن یادی موحیبی بێ ریاتان[٢٤]**

**پاش ئەوەی بەم کورتە یادکردنەوەیەی موحیبی بێ ڕیامان بەشێك لە کەسایەتیی ئەم پیاوە ئیمانداڕەمان دەرخست پێویستە ئەوە بڵێم لە کوردی لەخۆشیانا سلێمانیی بەجێنەهێشتووە بەڵکو زۆر بە بێزاری رووی لە غەریبی کردووە هەربۆیە نازناوی خۆی گۆڕیوەو لەوێ نازناوی (هیجری)ی بۆخۆی داناوە.. هەست بە غەمی ئاوارەییو دەردی غەریبی دەکات.. بەڵام دەزانێ دەردی بە ئێمە چارە ناکرێت بۆیە پێمان دەڵێت:**

**لەلای هیچ کەس ڕەوا نابێ مەرامو مەقصەدی (هیجری)**

**سەری حاجەت بەرە بەر بارەگای (غەوثی سلێمانی)[٢٥]**

**پاش ئەوەی دوعاخوازی دەکەین کە هیجری بگەڕێتەوە بەردەرگای مزگەوتی گەورەی سلێمانی بچێتە بارەگای (غەوسی سلێمانی)، ئێمە دەچینە سەرۆکاری (قالە)کەی ئەو قالەیەی کە بووەتە مایەی زیانو ناوزڕاندنی (مستەفا بەگ)و سەرچاوەی عیشقەکەیەتی.. با بزانین کێیە.**

**"قادر" لە گوڵزاری کوردیدا**

**پاش ئەوەی بەپێی پێویست لامان لە شاعیر کردەوەو لەسەر زاری خۆیەوە ناساندمان دەبێ لا لەو (قادر)ەیش بکەینەوە کە زۆر جار لە شیعرەکاندا راستەوخۆ یا بە هێما ناوی هاتووە. وەك:**

**قادرە کوردی لە بۆ قەتڵی هەموومان قادر**

**عیشقی ئەو زیندە دەکاتو دەمرێنێ بە عەلی[٢٦]**

**ئایا موسوڵمانێك هەیە کە نەزانێ قادر ناوی خوایەو هەر ئەویشە کە گیانی هەموومانی بەدەستە؟ ئایا هەمووما سوێند بەو خوایە ناخۆین کە گیانی ئێمەی بەدەستە؟ ئەی هەر ئەو زاتە پاکەیش نییە کە بەڵێنی زیندووکردنەوە دەدات بە بەندەکانی خۆی؟ ئەم راستیانە لە قورئانی پیرۆزدا چەسپیوە کەواتە ئەم قادرەی ئێرە خوای گەورەیە ئەوەتا جارێکی تر دەڵێت:**

**کوردی لێت بێ سەد ئەمانەت هەر کە ئەم شەو جومعەیە**

**تا سبەی قەد مەبە غافل لە ذیکری قادری [٢٧]**

**ئا لێرەدا (شاعیر) باسی یەکێك لە نەریتەکانی خۆی دەکات کە وەك ئەرکی دینیی گشت ئیماندارێکی راستەقینە پەیڕەوی فەرمایشتی خوای گەورە دەکات کە لە سورەتی (الجمعة)دا دەفەرموێت: "واذکروا الله کثیراً" بەڵێ خوا دەفەرموێو فرمانمان پێدەکات کە پاش نوێژی هەینی زۆر یادی خواوەند بکەینەوە کوردی ئەرکی دینی خۆی جێبەجێ دەکاتو بە ئەمانەتیشی دەزانێتو شەوی هەینی لە زیکری (قادر) غافل نابێت.. بێگومان موسوڵمان شەوی هەینی هەر زیکری خوا دەکات.**

**لە جێیەکی تردا کوردی دەڵێت:**

**عەبەث کوردی مەلائیك دێن دەپرسن مەزهەبو دینت**

**کە قادر خۆی دەزانێ من لەسەر کام مەزهەبو دینم[٢٨]**

دیاره ئەو (قادر)ەیش هەر خواوەندەو کوردی تێشووی خۆی پێیەو دڵنیایە کە پێویستی بە وەعظو تەڵقین نییە چونکە لە خۆیو ئیمانو دینی دڵنیایەو بە رووگەشی دەچێتە قاپی خودا.. ئیتر خەڵك چی دەڵێن بیڵێن قادر خۆی ئاگای لە هەموو شتێکە.. لێرەیشدا قادر هەر خوداوەندە.

بێگومان لە ژیانی کوردیدا قادرێکی تر هەیە کە خەسڵەتە مرۆییەکانی پێوە دیارەو کوردییش وەك مرۆڤ دەیناسێنێو ئەم قادرەیشیان رێنماییکەری کوردی بووە بۆ ناسینی قادری یەکەمو بەهۆی ئەوەوە توانیویەتی وەڵامی پرسیارەکان ئامادە بکاتو دەڵێت:

ڕەهڕەوت قادربێ بۆ إعطاو جوابی مەسئەلەت

وەرنە کوردی ناتوانێ حاڵی خۆی بۆت کاعەیان[٢٩]

دیارە هیوای بەوەیە کە قادر رۆژی حساب کە دەچێتە بەردەم بارەگای باری تەعالا قادر رێنمایی دەکات بۆ وەڵامدانەوە.. یا قادر لەم دنیا رێی نیشانداوەو رێنمایی کردووە بۆ وەڵامی پرسیارەکانی ئەو دنیا.. دیارە ئەم قادرە (رابەری) زۆرێك لە موسوڵمانانە کە وەك کوردی زیاتر دەیناسێنێو ئێمەیش لە گومان دووردەخاتەوە کە ئەم قادرەیان شێخ عەبدول قادری گەیلانیە کە ڕابەری رێبازێکی زۆر دیارو بەرینی ئیسلامە کە رێبازی (قادری)یەو (کوردی) زیاتر رێنماییمان دەکاتو دەڵێت:

ئەگەر کوردی دەپرسن مەزهەبو پیری طریقی من

عەلی مەولامە (قادر) پیرمە مەحمودە سوڵتانم[٣٠]

بەڵێ (قادر) پیریەتی، وەك پیری سەرجەم دەروێشانی (طریقەی قادری)یە[٣١]. دیارە لەنێو موسڵمانانی لای ئێمەی کورد دوو رێبازی دەروێشی باوبووە (نەقشیو قادری)و بە خاوەنی رێبازەکەیش وتراوە (پیر)، کەواتە کوردی لێرەدا بە راشکاوی دەڵێت کە یەکێکە لە دەروێشانی رێبازی (قادری)و لەسەر ئەو رێبازە پەیامی عیشقەکەی خۆی بە ئاکام دەگەیەنێت.

کەواتە قادری دووهەم شێخ عەبدول قادری گەلانی یە.

## قادرو هێما

مستەفا بەگی کوردی لە زۆر شوێنی تری دیوانەکەیدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەستنیشانی ڕێبازەکەی دەکاتو بەهۆی هەندێ لە "سرووت"ەکانی ڕێبازی قادرییەوە هێما بۆ پیرۆزیی پەیامەکەی خۆی دەکاتو خوێنەرانیش دڵنیا دەکات کە بە رێکەوت یا بەبێ پلان ناوی "قادر" نەهاتووەو بۆ ئەوەیش دڵنیامان دەکات کە قادر کێیە؟! بەڵام بە هێما رێنمایمان دەکات، هێمای سەرەکی رێبازەکانیش ڕەنگەکانە. جا ڕەنگ وەك چۆن لە ژیانی ئاسایی مرۆڤدا تایبەتمەندیی هەیە بەهەمان شێوە لە ژیانی ئاینییشدا تایبەتمەندیی هەیە، جا چ وەك ڕەنگی پۆشاك یا چ وەك هێمای گروهی تایبەت یا وەك هەردووکیان، جا ئەوەی لێرەدا بوترێت تەنها ئەوەیە کە رەنگی شین یا پیرۆزەیی لەلای رێبازی نەقشی وە رەنگی سور یا نارنجی لەلای قادرییەکان تایبەتمەندێتی هەیەو سیمای جیاکەرەوەیە کە وەك جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس خوای لێ رازی بێت

بۆی باسکردم کە (رابەرانی تەریقەی قادری کاتی خۆی کەواو جبەی ئاڵ یا سوری جەرگییان پۆشیوە وەك هێمایەك بۆ جیاکردنەوەیان لە ڕێبازەکانی تر)[٣٢].. جا ئەم سیمایە لە هۆنراوەکانی (کوردی)دا چەند بارە بووەتەوە بەو ڕەنگە هێما دەکات بۆ خۆشەویستو دڵبەرەکەی:

دڵی کوردی کە گرفتاری جبەی قرمزی یە

بۆچ دەکەن مەنعی بە خوێنی دڵ ئەگەر بەرگی دەشۆت[٣٣]

وە یان وەك دەڵێت:

هەناسەی ئاگرینم بێ سەبەب نایە پەی ئەندەرپەی

کە بەرگی قرمزی پۆشی دڵم وەك مەحجەرە ئەمشەو[٣٤]

دیارە ئەم ڕەنگی (سورە) لە نەستی شاعیردا جێگەی خۆی کردۆتەوەو وابەستەی پرۆگرامو بەرنامەی ژیانی بووە بۆیە وا پەیوەستی بووە هێندە بەبەهاوە باسی دەکاتو لەگەڵ مانگی روو تەریبی دەکاتو دەڵێت:

لە عەکسی ماهی روخساری بە بەرقی میتەنی ئاڵی

دەسوتێ دەسری عابید دەڵقی زاهید سری سەمتورە[٣٥]

هەروەها جارێکی تر بۆ ناسینەوەی خۆشەویستەکەی هەر بە ڕەنگی بەرگەکەیدا دەیناسێنێو دەڵێت:

شەماڵ جارێ بڵێ بەو سوخمە ئاڵەی دیدە مەخمورە

بە حوسنی عارحەزی خۆی حەیفە وا بێباكو مەغرورە[٣٦]

دیسان هەر بە ڕەنگ دەمانباتە لای خۆشەویستەکەیو پێمان دەناسێنێ:

ئەسمەرە لا غیرەتە بالأمیانە کە چ کولأه

سوخمە سەوزە مەیتەن ئاڵە چاوخومار ئەبرۆ کەمان[٣٧]

وە یان دەڵێت:

کەوا دارایی زەرکوتەت کەمەر چین جبە گوڵناری

کلاو لار چاو خومار شیرین سوار خاڵ مشکی تاتاری[٣٨]

ئەم نموونە کورتانە بەشی ئەوە دەکەن کە دڵنیا ببین لەوەی (کوردی) لەدوای (قادر) کەسێکی تر دیاری دەکاتو بە بەرگی سور یا قرمزی یا ئاڵ دەیناسێنێ.. جا ئایا ئەمەیان کێ بێت بێجگە لەو کەسەی کە رابەرەکەی بێگومان کەس نییە هەر ئەو کەسەیە کە دڵی بردووەو عاشقی بووە.

ناچار دەڵێت:

ئەمەی دەیڵێم ئەگەر إغراقە (هجری)

هیلاکی دەستی (مەیتەن قرمزی) بم[٣٩]

ئیتر ئەتوانم بڵێم بیانوویەك نەماوە بۆ ئەوەی کە کوردی وەك خواناسێكو سەودایەکی ڕێبازی (قادری) بناسین، چونکە هۆنراوەکانی کە هەندێ کردویانە بە بیانوو بۆئەوەی ناسینی کوردی لە لاڕێیەکی چەوتەوە وێنا بکەن چونکە هەر ئەو هۆنراوانە بەڵگەی ئیمانداریو خواناسیی (مستەفا بەگی کوردی)یە، پێش ئەوەی کە کۆتایی بەم باسە بێنم بە پێویستی دەزانم ئەو گومانەیش

بڕەوێنمەوە کە هەندێ جار تاکە هۆنراوەیەکی شاعیرمان دروستی کردووە کە باس لە ماڵو مەسکەنو ناونیشانی قادر دەکاتو گومانداران دەڵێن ئەی ئەمەیان چی،

گەر دەپرسن مەنزڵو شکڵو لیباسو طائفەی

مالیان نزیک بە بەندیخانەو ئاشی ئەحان[٤٠]

بێگومان ئەو ناونیشانەیە واتە (نزیک بەندیخانەو ئاشی ئەحان) وە نزیک مزگەوتی ئەحان- ئەمە ناونیشانی ئەو گەڕەکەیە کە بنەماڵەی (ساحێبقڕان)ی تێدا کۆبووبووەوەو تائێستایش مزگەوتی حاجی ئەحانو خانووەکەی (حەمدی) و هەندێ لە خانووەکانی تری ئەو بنەماڵەیە ماون وە ئەمەیش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ئەو کەسە هەر یەکێکە لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە کە (مستەفا بەگ) خۆیشی هەر لەو گەڕەکە بووەو لە مزگەوتەکەی (حاجی ئەحان) فێری خوێندن بووە ئەم (قادر)ەی کە لەو گەڕەکەیش بووە هەر (قادر)ی برازای شاعیرمانە کە هەر لەبەر ڕێزو پیرۆزیی (قادر) ئەو برازایەی ناوناوە قادر وە هەر خۆیشی بەخێوی کردووە چونکە باوکی قادر زوو مردووەو (مستەفا بەگ) خێزانو مناڵەکەی گرتۆتە خۆی[٤١].

ئەوەی جێی سەرنجمە ئەوەیە کە ئەو قادرە* چونکە زۆر خۆشەویست بووەو نازی دراوەتێ تۆزێ سەرچڵ بووەو وای بۆدەچم کە جارێك لە دایكو مامی توڕە بووەو بە تۆراوی چووە بۆ لای خزمانی سنەو ناچار مامی بە شوێنیدا دەچێتو دەیهێنێتەوە بۆ سلێمانی. وا دیارە هەر ئەم ڕووداوە بێت کە وا مەسەلەی شوێن کەوتنی قادری لێکەوتبێتەوەو ساڵانێك وا بە هەڵە شیکاری بۆ کرابێو شانو شەوکەتی مستەفا بەگی تۆزاوی کردبێت کە ڕاستییەکەی پێچەوانەیە. بەوهیوایەی لە داهاتوودا ئەم لایەنەیش بە بەڵگەی پتەو ڕاستبکرێتەوەو کوردیش شوێنی شیاوی خۆی پێ بدرێتەوە.

## ئەنجام

لە ئاکامی ئەم باسەماندا گەیشتووینەتە ئەو ڕاستییەی کە کوردی وەك خۆی بناسین وەك لە شیکاری هۆنراوەکانەوە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- مستەفا بەگی کوردی پیاوێکی خوداناسو ئیماندارو ڕەوشت بەرز بووە.

٢- ئەو عیشقەی کە هۆشی لە شاعیر سەندووە عیشقێکی ڕاستەقینەیە نەك (مەجازی) واتە عیشقی خواوەندە.

٣- ئەو قادرەی لە هۆنراوەکاندا ناوی هاتووە یا هێمای بۆ کراوە سێ قادرن کە ئەمانەن:

أ. قادری گەورەو تاكو تەنیا (خودا).

ب. شێخ عەبدول قادری گەیلانی ڕابەرو ڕەهرەوو پیری تەریقەتی شاعیر کە تەریقەتی (قادرییە).

ج. قادری بچوك برازای شاعیرە لە خۆشەویستیی دوو قادرەکەی ترەوە ناونراوە قادر.

---

* ئەم قادرە، باوکی عادیلە خانمی ژنی عوسمان پاشایە واتە باپیری (ئەحمەد بەگی جاف)ە، بۆ زانیاریی زیاتری ئەم لایەنە بڕوانە کتێبی (عادیلە خانم).

## پەراوێزەکان

١- دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل١٠٥.
٢- مێژووی ئەدەبی کوردی (بەشی سێهەم). د.مارف خەزنەدار، ل١٥٥.
٣- دیوانی کوردی. ئامادەکردنی گیوی موکریانی، ل٨.
٤- مێژووی ئەدەبی کوردی. عەلادین سجادی، چاپی دووەم ١٩٧١ چاپخانەی معاریف ل٢٩٦.
٥- دیوانی کوردی. ئامادەکردنی (کوردیو مەریوانی) ١٩٣١، بەغدا، ل٦.
٦- مێژووی وێژەی کوردی (صدیق بۆرەکەیی) صفی زادە، بەرگی دووەم، ل٥٢٧.
٧- مێژووی ئەدەبی کوردی. د.مارف خەزنەدار، ل٣٢٧.
٨- دەستنووسە کوردییەکان. د.کمال فوئاد، ئەڵمانیا، ١٩٧٠، ل٨٣.
٩- مشاهیر الأکراد. محمد أمین زەکی.
١٠- مێژووی وێژەی کوردی (صدیق بۆرەکەیی)، ل٥٢٧.
١١- مێژووی ئەدەبی کوردی. عەلادین سجادی، چاپی دووەم، ١٩٧١، ل٣٠٨.
١٢- دیوانی کوردی. گیویی موکریانی، ل٨.
١٣- هەمان سەرچاوە، گیویی موکریانی، ل٢٨.
١٤- تصوف چییە. ئەمین شێخ علاء الدین نەقشەبەندی، ١٩٨٥، ل١١٠.
١٥- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٣٦.
١٦- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٧٧.
١٧- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٧٦.
١٨- قورئانی پیرۆز، سورەتی بەقەرە.
١٩- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٣٦.
٢٠- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٢٨.
٢١- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٤٦.
٢٢- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٤٩.
٢٣- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٤٧.
٢٤- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٨٦.
٢٥- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٨٥.
٢٦- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٨.
٢٧- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٤٧.
٢٨- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٤٠.
٢٩- تأریخ تصوف در کردستان. محمد رؤوف توکلی، ل٥٥.
٣٠- دیمانەیەکی تایبەت بۆ لای مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ساڵی ١٩٨٤.
٣١- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٨٢.
٣٢- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٦٥.
٣٣- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٢٢.
٣٤- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٥٨.
٣٥- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٦٥.
٣٦- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٦٥.
٣٧- دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٤٦.

٣٨-ديوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٨٢.

٣٩-ديوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٤١.

٤٠-ديوانی کوردی. گیوی موکریانی، چ٣، ل٤٦.

٤١- ئەم زانیارییانەم لە زاری مامۆستا مستەفا حەمەبۆر وەرگرت ساڵی ١٩٨٠ لە ماڵی مامۆستا حەمەعەلی قەرەداغی لە بەری کەرخ لە بەغدا.


### سەرچاوەکان

١- قورئانی پیرۆز

٢- دەستنووسە کوردییەکان. د.کەمال فوئاد، ئەڵمانیا، ١٩٧٠.

٣- تەسەوف چییە؟ ئەمین شێخ عەلادین، دار الحريه ١٩٨٥.

٤- مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووهەم، عەلادین سجادی ١٩٧١ چاپخانەی معارف، بغداد.

٥- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەشی سێهەم، د.مارف خەزنەدار، ٢٠٠٣

٦- مێژووی وێژەی کوردی (صديق بۆرەکەیی) (صفی زاده) بەرگی دووەم، انتشاراتی ناجی بانه کردستان ١٣٧٠.

دیوانەکان:

٧- دیوانی حاجی قادری کۆیی، گیو موکریانی، چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٩.

٨- دیوانی حەمدی جمال محمد أمين.

٩- دیوانی کوردی. کوردیو مەریوانی ١٩٣١ بەغداد.

١٠-دیوانی کوردی. گیوی موکریانی، چاپی سێهەم ١٩٧٣، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.

چاوپێکەوتنی تایبەت:

١١- چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ مامۆستا (محەمەد عەلی قەرەداغی) لە مزگەوتەکەی خۆی لە بەری کەرخی شاری بەغداد رێکەوتی ١٩٨٠/٢/١.

١٢- دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ رەحمەتی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە مزگەوتی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) لە بەری رەسافەی شاری بەغداد لە رێکەوتی ١٩٨٠/٣/١٢.

سەرچاوەی تر:

١٣- بەرنامەی ئەدەبی کوردی لە بەشی کوردیی رادیۆی بەغداد رۆژی پێنج شەممانی ساڵی ١٩٨١.

سەرچاوە فارسیەکان:

١- تذكره عرفاى كردستان. نادر كريميان سردشتى، چ١، انتشارات نگاه سبز، تهران.

٢- تأريخ تصوف در كردستان، تاليف وتحقيق محمد رئوف توكلى، انتشارات توكلى، تهران، ١٩٨٠.

**ملخص البحث**

**إن بحثنا الموسوم (معرفة قادر في قصائد مصطفى بگ الكردي) بحث تطبيقي وتحليلي يبحث في الثنايا الخفية من فكر الشاعر حيث نشرت اقاويل مليئة بالخرافات مفادها أن (الشاعر) إنحرف اخلاقياً وتوجه الى التغزل بالذكر ويذكر بكل صراحة كلمة (قادر) وهذا اسم غلام. ولكننا اثبتنا بعد بحث دقيق في أدب الشاعر وتحليل رموز شعره بأن (قادر) هو اسم رب العالمين (جل جلاله). وكذلك الشاعر يذكر كلمة (قادر) للأستدلال بشيخ طريقته وهو الشيخ عبدالقادر الگيلاني (قدس سره) وفي نتيجة البحث توصلنا الى حقيقة ثابتة مفادها أن شاعرنا رجل ورع متصوف التزم بمذهبه الصوفي (والطريقة القادرية) وقال بان قادر هو (شيخه) أي مرشد (الطريقة القادرية) الشيخ عبدالقادر الگيلاني وتيمناً بالشيخ سمى ابن أخيه لقادر وتغنى بجمال قادر.. وهذا ماحدا ببعض الناس الى تصور قادر "بغلام" ويصنف نتاجات شاعرنا في صنف أدب الغلمان، ونحن بدورنا أثبتنا عدم صواب هذا الأعتقاد وصنفنا (مصطفى بگ الكردي) في خانه المتصوفي الكرد الذين تغنوا بعظمة الدين الحنيف وقدرة القادر وجماله.**

Abstract

Our research is marked (see capable poems Mustafa Bag Kurdi) applied research and analysis looking at the folds hidden from the mind of the poet as published hearsay full of superstitions that (the poet) Deflect morally and went to Altghazl mentioning mentions frankly word (can) and this name Ghulam. But we proved after a thorough search in the literature of the poet and his poetry analysis codes that (can) is the name of the Lord of the Worlds (the Almighty). As well as the poet mentions the word (able) to deduce sheikh way, Sheikh Abdul Qadir Tailana (Jerusalem Sarah) and in the search result we reach an established fact that the poet a man devout mystic committed Bmzhbh mystic (and the way Qadiriya) and said that the can is (Sheikha) any guide (Method Qadiriya ) Sheikh Abdul Qadir Tailana and named after Sheikh named his nephew, who can and can sing beautifully .. This Mahadda some people unable to conceive, "a son" and classify products of our poet in literature class boys, and we proved this belief is not correct and we have classified (Mustafa duck Kurdish) in Almtsofi betrayed the Kurds, who sang the greatness of true religion and the ability of capable and beauty.